# بۆ پێكەنین

ئەحمەد دەشتی

دەلیێن پێكەنین بۆ زاخاوی مێشك شتێكی زۆر باشە و نكتەو قسەی خۆشیش خەندە دێنێ، پێم وایە هەموو كەسێكیش حەز لە خوێندنەوەی نكتەو قسەی شادو بیستن و گێرانەوەی قسەی خەندەدار دەكات، ماوەیەك لە مەو بەر كتێبێكم بەر چاو كەوت كە بە ناوی مەلامەشور بە زمانی فارسی نوسراوە، ئەو كتێبە تەژی قسەی پر لە سەیرو سەمەرەیە، لە گەل زۆر لە هەڤالان و دۆستانیشم هەمیشە كە روو دەنیشین باسی قسەی خۆش و حەز لە گێرانەوەی نكتەو خەندەدار دەكەین، بۆیەكە منیش بریارم دا كە ئەم كتێبەی مەلا مەشور وەربگێرمە سەر زمانی شیرین كوردی كتێبە وەرگرت و دەستم كردە گۆرینی نكتەكان بۆ سەر زمانی كوردی كە بۆ ماوەیەكی كەم و زۆر لە مێژە تەواوم كردووە، ئەو كتێبە نەزیكەی سەد لاپەرەیەك دەبێت و پریەتی لە نكتەی شادو خەندەدار، بەلام بە داخەوە تا ئێستا بە چاپ نەپەیشتووە، جا بۆ دلخۆشی و پێكەنین جارو بارە چەند نكتەیەك بلاو دەكەمەوە و بە هیوام كە خوێنەرانی ئازیزیش بە دلیان بێت و بە ئارەزووم كە بتوانم بە یارمەتی دۆستانم بەم زوانە ئەم كتێبە بە چاپ بگەیەنم و بكەوێتە كتێبخانەی كوردەواری.

## مەلا و پزیشك

رۆژێكیان مەلا مەشور نەخۆش دەكەوێت، ژنەكەی مەلا دەچێت دكتۆرێكی بۆ دێنێت كە تازە لە فەرەنسا گەرا بۆوە، ئەو دكتۆرە زمانی توركی نەدەزانی، ئەو تەنیا وشەی ماشائەللاو انشائەللا فێر ببوو، دكتۆرەكە چووە سەر سەری مەلاو تەماشای مەلای كردومەلاش لە دكتۆرەكەی پرسی و پوتی ئاخۆ نەخۆشیەكەی من زۆر سەختە؟ دكتۆرەكەش لە وەرام دا گوتی: ماشائەللا ماشائەللا، مەلا دیسان لە دكتۆرەكەی پرسیەوە گوتی دكتۆر گیان ئەم نەخۆشیەی من دەمكوژێت؟دكتۆریش گوتی ئینشائەللا ئینشائەللا.

*

## جەنگ و مەلامەشور

شەوێك مەلا مەشور پێش ئەوەی كە بچێ بنوێت هەستا ئەو شومشێرەی كە بە دیواری ژووری نوستنەكەیەوە هەلواسرابوو، لە خۆی بەستا و ئەوسا چوو بنوێت، لەوكاتەدا ژنەكەی لە مەلای پرسی و گوتی:ئەرێ مەلا ئەوە تۆ دەچی دەنوی بۆ شومشێرت لە خۆ بەستاوە؟مەلا لە وەرامدا گوتی: خانم گیان دوێنێ شەوێ لە خەوما لە گەل كابرایەك بەشەر هاتم ئەو شومشێری پێ بوو منیش هیچم پێ نەبوو بۆیەكە لەو شەرە شكەستم خوارد، ئێستا دەمەوێ ئیمشەو ئەو كابرایە لە خەو ببینمەوەو تا كو بەم شومشیرە تۆلەی لێ بكەمەوە، ئەوسا ژنەكەی مەلا گوتی: مەلاگیان زۆر وریای خۆت بەو ئاگات لەم شومشیرە بێت لە دەستی نەدەی چونكە ئەمە تەنیا یادگاری باوكمە بۆم بەجێماوە.

## نامە نوسینی مەلا مەشور

رۆژێك مەلا مەشور چووە لای كابرایەكی نوسەر و گوتی: تكایە نامەیەكم بۆ فلانەدۆستم كەلە شارێكی تر دەژیت بۆ بنوسە، كابراش دەستی كرد بە نامە نوسین بۆ مەلا، كاتێ كە نامەكەی نوسی مەلا یەك بە خۆ هاواری كردو گوتی: بۆم بنوسە پارەم نیە هەندێ پارەم بۆ بنێرە.

نامە نوسەكەش زۆر بە تورەییەوە گوتی: خالەگیان بۆچی وا هاوار دەكەی خەریكە گوێچكەم كەر بێت. مەلا مەشهوریش گوتی: كاكی خۆم لە بەر ئەوەی كە ئەو دۆستەی من كەوا نامەی بۆ دەنوسی كەرەو بۆیەش من وام هاوار كرد هەتا تۆش نامەكە بە بلندی بنوسی تا دۆستەكەم بتوانێ بیخوێنێتەوەو.

## سەد ولاغ

رۆژێكی مەلا مەرێكی بۆ حاكمی شار بە هەدیە برد. حاكمیش بەو كارەی مەلا زۆر شاد بوو. مەلا زۆر بە توندی گوتی: جەنابی حاكم خۆت ئیختیارت هەیە، تۆ بە قەد سەد ولاغ بۆ ئێمە نرخت هەیە.

## مەلاو كابرایەكی شەقاوە

رۆژكیان مەلا بە رێگاوە دا دەرۆیشت، دالغەی لێ دابوو بۆیەكە بەرچاوی خۆی نەدی و لە ناكاو شانێكی زۆر بە توندی لە كابرایەكی شەقاوەی شاردا، كابرای ملەستورو شەقاوەش وای زانی كە مەلا بە قەست وای كردووە بۆیەكە رووی وەرگێراو چەند جنێوێكی ناشرینی بە مەلا دا، مەلاش

www.kurdistannet.org
11-8-2003 23:21

کەمێ ڕاوەستاو لە کابرای ملەستو مۆڕ بۆوە ، لەو کاتەدا دوو هەنگاو بەرەو لای کابرا چوو و گوتی: بۆچ جنێوانم پێ دەدەی؟ . کابرای ملەستووریش دوو هەنگاوی بۆ لای مەلا هاویشت و گوتی: نەخێر من جنێو بە باپیرو داپیرەت دەدەم.
مەلاش کە کابرای بەم شێوەیە دیت زانی شتێك بکات مەلا تۆش دەبێت، بۆیە لەوکاتەدا دوو هەنگاو بەرەو دوا گەڕاوەو گوتی: ببورە من وام زانی جنێو بە من دەدەی.

## حەماقەتی مەلا

ڕۆژێکیان مەلا چادانێکی چینی زۆر جوانی کڕی بوو و بەرەو مال دەبۆوە ، بەلام لە ڕێگەی بەرەو مالەوەی بیری کردەوە ئەگەر ئەم چادانە لە مالەوە بکەوێت سەر زەوی و بشکێت، ئەوکاتە من لە کوێ چادان بەستێك پەیدا بکەمەوە تا پارچەکانی ئەم چادانەم بۆ ببەندێتەوە ، دوای کەمێ بیرکردنەوە لەو بارەوە و سەرەنجام بە خۆی گوت: ئێ باشە ئێستا من لە بازارم و با بۆخۆم ئەم چادانە بشکێنم و بیدەم بە بەندساز و بۆم چاك بکاتەوە ، مەلا لەوکاتەدا قۆری چادانەکەی دا بەزەوی و شکاندی، ئیتر هەموو پارچەکانی کۆ کردەوەو بۆلای وەستای چینی بەندی بردو چادانەکەی دابێ تا چاکی بکاتەوەو بیبەستێتەوە .